# یەع لە ئەنجوومەنی حوکم!

پشکۆ نەجمەدین

ئەنجوومەنی حوکمی بندەستی برەیمەرپاشا بۆگەنی دێ!.
ئێستا، بۆنی کەسکونی باروتی تەقینەوەکانی تیرۆریستان، لەنێو بەرامەی ئێڵنجهێنەری شۆڤێنیزمی عەرەبی، شمشێری خوێناویی شێعە و ئەقلییەتی ژەنگاویی پانتۆرانیزمی ئەنجوومەنی حوکمدا تواوەتەوە!.
ئەنجوومەنی حوکمێ، کە هێشتا "نە حەولی هەیە و نەقوەت" شمشێری دارینەی شۆڤێنیزمی لە ڕووی کورددا هەڵکێشاوە!.
ئەنجوومەنی حوکم، ئاوێنەی ئەفسانەی دیموکراتییەتی ئێراق و ئێراقی فیدراڵییە!. ئێمە، دەشێ لە بارودۆخی ئێستادا زۆر شتان بخوێنینەوە، وەلێ لە هەموو شتان گرنگتر: هەوڵی سەرکردایێتیی کوردە بۆ بیناکردنەوەی دەوڵەتێک کە هەشتا ساڵ، خەونمان بە رووخاندنییەوە دەبینی!.. شتی دیکەش: خەباتی سەخت و بێوچان، بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ئێراقییەکان!. لە نێو "برا"ئێراقییەکانماندا، حیزبۆکەیەکی کارتۆنیشمان پێ شک نایەت، کە بە "برا" و هاوبەشی خۆیمان لە ئێراقی یەکگرتوودا، قەبوڵ بفەرموێت!. ئەمەش ئەفسانەی "برایەتی"یەکە، کە کورد هەشتا و چوار ساڵە یەکلایەنە بۆی دەپارێتەوە!.
کورد، هاوپەیمانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوو!... بۆچی؟!.
وەڵامەکان فرەن و ئەنجامەکان مژاوی!. هەرچی بڵێین ئازادین، تەنیا یەک شت نەبێ: نوێنەرانی کورد، لەنێو ئەو ئەنجوومەنە بۆگەنەدا، چلۆن توشی "بێسەری" نابن؟!.

2004 / 1 /4